# من ئەنساڕەكانم بینی هەندێک کردەوەیان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە پاش ئەوە سوێندم لەسەر نەفسی خۆم خوارد ئەگەر لەگەڵ هەریەکێکیان بم ئەوا دەبێت خزمەتی بکەم

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ جەریری کوڕی عبداللەی بەجەلی -ڕەزای خوای لێبێت- دەرچووین بۆ سەفەرێک، وئەو خزمەتی منی دەکرد، منیش ووتم: وا مەکە (خزمەتم مەکە)، ئەو (جەریر) ووت: من ئەنساڕەکانم بینی هەندێک کردەوەیان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە پاش ئەوە سوێندم لەسەر نەفسی خۆم خوارد (پەیمانم بە نەفسی خۆم دا) ئەگەر لەگەڵ هەریەکێکیان بم ئەوا دەبێت خزمەتی بکەم».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە باسی ئەوە دەکات کە جەریری کوڕی عبداللەی بەجەلی -ڕەزای خوای لێبێت- لە سەفەردا خزمەتی ئەو هاوەڵانەی دەکرد کە لەگەڵیدا بوون وئەوانیش ئەنساڕەکان بوون، ولە نێویاندا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- کە تەمەنی لە جەریر کەمتر بوو، ئەنەس پێی دەووت: خزمەتم مەکە، وسەبارەت بە ئەم خزمەتکردنە پرسیاری لێکرا، واتا: چۆن تۆ خزمەتی ئەوان دەکەیت لە کاتێکدا تۆ هاوەڵیت بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە پێشترە بە بەراورد لەگەڵ ئەنساڕەکان؟ ئەویش (جەریر) دەیووت: من ئەنساڕم بینی بە شێوەیەک خزمەتی پێغەمبەریان دەکرد -صلی الله علیه وسلم-؛ سوێندم لەسەر نەفسی خۆم خوارد (پەیمانم بە خۆم دا) ئەگەر لەگەڵ هەریەکێک لەو ئەنساڕانە بم ئەوا دەبێت خزمەتی بکەم، وئەمیش لە ڕێزلێنانە لەو کەسەی کە ڕێز لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەگرێت، وڕێزگرتن وخزمەتکردنی هاوەڵانی پیاوێک لەڕاستیدا ڕێزگرتن وخزمەتکردنی خودی پیاوەکەیە، بۆیە جەریر -ڕەزای خوای لێبێت- ڕێزگرتن لە ئەنساڕەکانی بە بەشێک لە ڕێزگرتن لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دانا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3043

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee